# چەمەری

لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا، مێژووی سەروەریی گۆرانی و مۆسیقای کوردیمان بردەوە سەر میرات و کەلەپووری ئەو فەرهەنگی مۆسیقایەی لە جوگرافیای کۆنی کوردستان و لای دراوسێکانی کورد بووە بەگشتی و بە تایبەتیش **ماد** و **ئاریایی**، کە وەک وتمان **زەرتوشت** هەڵقوڵاوی ناو ماد و ئارییایەکانە، بەڵام لە سەرجەمی جۆرەکانی گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، باسی **چەمەری**، کە لە ناوچەکانی **ئیلام** و **لوڕستان**دا، باوە، بەجیا هێشتەوە بۆ ئێرە، تا لێرەدا بە سەربەخۆ لێی بدوێین. چونکە لەلایەکەوە، ئەم نەریتە هێشتا بەزمانی کوردی هیچی دەربارە نەنووسراوە و لەلایەکی تریشەوە، وەک زمان و شوێنەوار و مێژوونووسان دەیسەلمێنن: زمان و ڕەگەز و شارستانێتی دێرینەی ناوچەی ئیلام و لوڕستان، لە زۆر ڕووەوە لە ئاریایی دێرینەترە و بیروبۆچوونی جیاجیای لەسەرە. هەرچەندە زۆربەی زماناسانی جیهان، سەبارەت دانیشتووانی ئەم هەرێمە، بیروبۆچوونێکی وێکچوویان نییە، بەڵام زۆربەیان دەیبەنەوە سەر بنەماڵەی **زاگرۆسی خەزەری** (Zagroscaspian) و پێیان وایە زمانی **ئیلامی کۆن**، لە زمانە کۆنەکانی هیند و ئەوروپایی نییە، بەڵکو لەباری ڕەگەز و فەرهەنگەوە **ئاسیانی** (Asiani)یە. بەڵام ئەگەر لە بنەچە و بنەماڵەی ئاریایی - هیند و ئەوروپاییش نەبن، ئەوا بێ سێ و دوو زۆرلێیان نزیکن. هەر لەبەرئەمەشە نووسەرانی بەرودوای یۆنانی کۆن، لە کاتی یادکردنەوە و بەسەرکردنەوەی پارس و خوزیانی «ئیلامی» و خواوەندەکانیاندا، بە جیاواز ناویان نەهێناون(١٠٨، ١١٣).

هەروەها دەوڵەتی هەخامەنشیش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و لەشکری ئیلامی داوە و دیارترین نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشی، کە باسی ئابووری دەکەن بە زمانی ئیلامین(١٠٨، ١١٣).

لەباری جوگرافیشەوە، ئەوەندەی لە **بابلی** و **سۆمەری** و **ئەکەدی** نزیک بوون، ئەوەندە لە ئاریایی نزیک نەبوون، بۆیە ئەو پشکنینانەی لەم سەدەیەی دواییدا لەگەڵێ ناوچەی ئیلام و لوڕستاندا، ئەنجامدراوە وەک: **شوش، کوڵفرە، ئەشکەفت، سەلمان، مالامیر، حاجی ئاوا، گۆرانگون، شاهۆ، تەنگ نەورۆزی، قەڵاتول**، نیشانی دەدەن زەبری فەرهەنگی دراوسێکانی بەری خۆرئاوایان زیاتر بە سەرەوەیە، تا فەرهەنگی ئاریایی، بەڵام نەک بەو شێوەیەی



ڕاستەوخۆ لاسایی ئەم دراوسێیانەیان کردبێتەوە، بەڵکو ئەو نووسینەی سۆمەرییەکان لە (٣٠٠٠)ساڵی پێش زاییندا، دایانهێناوە؛ ئەمان لە دەوروبەری (٢٩٠٠) ساڵی پێش زاییندا، جۆرە خەتێکیان داهێناوە، لەوەی سۆمەری جیاوازتر بووە. هەروەها جۆری ئایین و پەرستگە و خواوەندەکانیشیان، لە سۆمەری جیاوازتر بووە و بەپێودانی شارانی وەک: ئەریدۆ، ئوور، نیپور، گاشی، لاسا، کە سۆمەری دروستیان کردوون، ئەمانیش شارانی وەک شوش، ئەیاپیر، ستولان، ئۆنتاشیا...یان درووستکردووە.

لە ڕووی مێژووشەوە، زۆربەی مێژوونووسان باس و خواسی جیاوازیان نووسیوە، لەوانە: مستەوفی دەڵێ: لە «زُبده التواریخ»دا بە ناوچەی مانرود، کە گوندێکی تێدایە پێی دەڵێن **کورد** و ئەم ناوەش بە لوڕی، بە کوڵ خوێندراوەتەوە.

«حەمەوی»ش سەبارەت بە **لوڕستان** دەڵێ: کوردان هۆزگەلێکن، لە چیاکانی نێوان خوزستان و ئەسفەهان دا دەژین، شوێنی ئەم هۆزانەش، بە نیشتمانی **لوڕ**، یا **لوڕستان** ناودەبرێ(٤٩، ٢٨). دیسانیش بەو هۆیەوە کە کێوەکانی لوڕستان، دارودرەختی چڕ دایپۆشیون و چونکە بە **لوڕیش** وەک زۆر ناوچەی کورستان و بە تایبەتیش لە **موکریان** بە دارستان و نزاری چڕ، دەڵێن **لێر** و **لێڕەوار**، بۆیە واژەی لوڕ بەسەر هەرێمەکەشدا سەپاوە(٦، ١٤).

بۆچوونی تریش لەسەر ئەوە هەیە گوایە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە نەوەی کەسێکی ناودار بوون، ناوی **لوڕ** بووە، بەڵام **شەرەفخانی بەدلیسی** بۆچوونەکەی **مستوفی** پێ پەسەند بووە(٦، ١٤).

کەواتە وەک وتمان شارستانێتی دێرینەی ئەم هەرێمە فراوانە، لە شارستانێتی **ئاریایی** دێرینەتر بووە و ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لەو هۆیانەی تا ئێستاش مشتومڕی جیاجیا لەسەر ئەوە هەبێ کە ئاخۆ پێوەندی فەرهەنگیی ئەمان، لەگەڵ فەرهەنگی ئارییاییدا، چییە!؟ کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا لە زۆر ڕووەوە فەرهەنگی هاوبەش و ناوکۆییان لەگەڵ ئارییاییدا هەیە؛ کە لێدوان لە وردەکارییەکانی ئەو هاوبەشبوونە، لە باسەکەمان دوورمان دەخاتەوە و ئێمە لەم بوارەدا هەر لایەنی **مۆسیقا**مان مەبەستە و مۆسیقاش لە هەرێمی ئیلامدا وەک شوێنەوارناسان پێمان دەڵێن، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠٠) ساڵی پێش زایین. لەم بارەیەشەوە شوێنەوارناسی ناودار **پ. ئامیت** مۆرێکی لە «شوش»دا دیوەتەوە، مۆرەکە بریتییە لە کەژاوە «تەختەڕەوان»ی تایبەتی خواوەندێک، کە خواوەندەکەی لەسەر دانیشتووە و چەند کەسێکیش بەشان هەڵیان گرتووە و بەرەو جێگەیەکی دەبەن. کەسێکی تەنیاش، دوو هەنگاو لە دوایانەوە ڕێ دەکا و ئامێرێکی مۆسیقایی بەدەستەوە گرتووە و



ڕیزی ڕۆچی کاران



دەهۆڵ و سورنای چەمەری





ڕیزی ڕۆچی کاران



کۆتەڵ